# پانۆڕاما... زنجیرەی نۆیەم

## ساڵی تازە پیرۆزە

فەهد گردەوانی

## هەرجارەی دەینووسێت



یەکەم... لەشکری ئەمریکا، لە کوردستان و عێراق بۆ دەرەوە...ئەوڕۆ[ئەمڕۆ] یا سبەی[بەیانی] دەبێ لەشکری ئەمریکا لە کوردستان و عێراق بچێتە دەرەوە. ئەو دەرچوونە بە خواستی خەڵکی هەردوولا دێتە دی یا بە خواستی هەردوو حکومەت. دەرچوونی لەشکری ئەمریکا هەنووکە[کارەساتە]بۆ هەندێک لایەن و ڕەنگە نەتوانن دەسەڵاتیان بپارێزن ،بەڵام زوو یا درەنگ دەبێ دەسەڵاتی دەست تێوەردانی سیاسی ئەمریکا، لە عێراق و لە کوردستان بنبڕ بکرێت ، ئەوکاتە گرنگیش نی یە لەشکری سەربازی لەسەر خاکی عێراق وکوردستان دەمێنیتەوە یان دەڕوا[ئۆغردەکات].دوو نموونەی بوونی لەشکری ئەمریکا، کە هەردەم باس دەکرێت، لە ئەلمانیا و ژاپۆنە.هەتا ئەوڕۆ ئەو لەشکری ئەمریکایە. بۆی نەکراوە حیزبێکی سیاسی لەو دوو وڵاتە بەزۆری بخاتە ناو پەرلەمان و بە فێڵبازی لەدەنگداندا دەریبچووینی.هەردوو وڵات لەژێر سایەی باری دیموکراتی خۆیان و سەروەری یاسا ،خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی هەڵبژاردراوی خۆیانن و هەردوو ووڵات لەباری ئابووریش لە پێشەوەی ووڵاتانی جیهانن.هەنوکە یادی چوار ساڵەی داگیرکردنی عێراق دەکرێتەوە و باسی لێوە دەکرێت ،ئەوەی هەتا ئەمڕۆکە نەیتوانیووە شەقامی عێراق ئارام وهێمن بکاتەوە ، نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی یەکگرتووی بەهێزە.بۆ کوردستانیش چوونە دەرەوەی لەشکری ئەمریکی ڕەنگە لەو دەمودەستە بەزیانی هەردوو حکومەتی نایەکگرتووی کوردستان بشکێتەوە ، هەر چوار ڕژێمە داگیرکەرەکان لەبەر ئەمریکا هەنووکە لەشکر ڕەوانەی هەرێمی کوردستان ناکەن و ئەو ئەزموونە تێکی ناشکێنن و کوردستان دووچاری بارێکی نائاسایی ناکەن .جگە لەوەش جارێ زەمانێکە بۆ ئەوەی هەردوو زلحیزب نەتوانن چاو لەیەکتر سووربکەنەوە و خۆیان تووشی شەڕی خۆکوژی و کوردکوژی بکەنەوە.ئەمریکا لەبەردەم چاوی دەسەڵاتی هەولێر چووە ناو قونسولخانەی ئێران و وەکو مشک ئەندامی قونسولیەی خستە ناو ئوتومبیل و هیچ گوێیی بە ئاسایش و هیزی پێشمەرگە و سەربازو پۆلیسی حکومەت نەداو قسەشیان بکردبایە سەری ڕەش و دۆکان وقەلاچۆلانیشیان داگیر دەکرد.دەڵێن ئاسایس هاتبوونە پێشەوە بەڵام ئەمریکیەکان وایان چاو سوور کردبۆوە کەس لەبەرامبەریان ڕانەوەستا.لەبەغداش وایان لە هاوپەیمانی خۆیان ئەحمەد چەلەبی کرد.لە زەمەنێکی دەسەڵاتی سیاسی بەهێز و کە گەل بڕیاری خۆی بدات ئەو لەشکری ئەمریکایە ناتوانێ بەکەیفی خۆی پێشێلی ئەو دەستوور و یاسایە بکات کە کوردستان وعێراق پێدادەڕۆن و جێبەجێی دەکەن.ماڵئاوایی لەشکری ئەمریکا چەندی قازانج و زەرەرە ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو بارە ناهەموارەی ناوچەکەو عێراق پێدادەڕوا.کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ زیاتر خۆی ڕێکبخات بۆ ئەوەی ئەو گەندەڵی و دزی و نایاسایانەی بەڕێووە دەچێت ریسوابکات ، ئەگەرنا لە سیستەمی دیکتاتۆری و تاکرەوی دەسەڵات مرۆڤ پێی ناکرێت دەنگ هەڵببڕێت.رووخانی دڕەندەترین ڕژێمی دیکتاتۆر و فاشی سەدام حوسێن قازانجی گەلی عێراق و کوردستان وناوچەکە بوو.ئەوانەی بۆ ئەو ڕژێمە بۆگەنە دەگرێین دژی مرۆڤایەتین و باوەڕیان بە دیموکراسیەت نی یە.شەڕی القاعیدە و کۆنە بەعسیەکان هەنووکە شەڕی ڕزگارکردنی عێراق نی یە لەچنگ لەشکری ئەمریکا، بەڵکو شەڕی دەسەڵاتە بۆ تێکشکاندنی دیموکراتیەت لە عێراقی تازەی دوای قۆناغی سەدام حوسێن.فەلەستین بۆ القاعیدە دەبێ پیرۆزتربێت لە عێراق بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات لە کافران، نەک عێراق پاک بکاتەوە لە کوردی موسڵمان و شیعەی موسڵمان .کۆنە بەعسیەکانیش ئەوڕۆ بێت یا سبەی ئەگەر دەستیان لە کوشتنی منداڵێکیش هەبێت وەکو کۆنەنازی یەکان دەبێت بدرێنە دادگا و سزای خۆیان وەربگرن.

**دووەم...ئاو لە گیرفانمان هەڵناگیرێ...**تورکیا ئاو دەفرۆشێ..خۆی بە وڵاتێکی ئیسلامی دەژمێرێت و دەیەوێت عێراق و سوریا بخنکێنی.ئەو خیروبەرەکەتەی خودا بە پارە دەفرۆشیت.تورکیا دەیەوێ کلیلی سیاسی، ئاوی فورات و دیجلە بخاتە گیرفانی خۆی. هەر کاتێک پێویستی بە دانیشتن بوو عێراق و سوریا دەخاتە سەرچۆک و دەبێت لە پێناوی ووشک نەبوونی دیجلە و فورات عێراق و سوریا سەر شۆڕی داواکاری یەکانی تورکیا بن .ئێستاکە بۆچی تورکیا ئاو دەکاتە چەکێکی سیاسی ،ئایا دەیەوێت هەردەم دەسەڵاتی دەست تێوەردانی هەبێت، هەروەکو رۆژانە بۆ کەرکوک لە سینگی خۆی دەدات و مافی ملیونان کوردیش دەخاتە ژێر قاچی . خەڵکی دەزانن شەڕی بێتەوە شەڕی ئاوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست . خەڵک بە گشتی بەبێ نەوت دەژیت بەڵام بەبێ ئاو ناتوانێت بژیت. ئایا تورکیا ئەو 22 دەربەندی ئاوە[سەدی ئاو]لە سەر ئاوی روباری فورات و دیجلە بۆچی دروستی کردووە.هەتاوەکو کۆنترۆڵی ئاوەکە بکات یا پارێزگاری لە مانەوەی ئاو بکات. تورکەکان دەڵێن دەبێ دەربەندە ئاو دروست بکەین خۆ ئاو لە گیرفان هەڵناگیرێ . ئەی باشە ئەو ناوچەیەی ئاوی دیجلەوفوراتی لێدێتەدەرەوە هەردوو رووبار دروست دەکات لە کوردستان نی یە ، بۆچی ئەو ناوچەیە ئاوەدان ناکرێتەوە و ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی باش ناکرێت و لەو هەژاریە رزگاریان ناکرێت . بۆ بەختە رەشەکەی کوردستان شەڕی داهاتووی ئاویش هەر لە کوردستانەوە دەست پێدەکات و رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان دەستیان بەسەر ئەو سامانە دا گرتووە.هەروەکو نەوتەکەی کوردستان کە دووفلوس سوودبەخش نەبووە بۆ ئاوەدانکردنەوە و دروست کردنی وڵات ، بەڵکو هەردەم بۆ سوتاندن و کیمیاباران وکاولکردنی بەکار دەهێنرا.ئاوەکەی کوردستانیش هەمان دوارۆژی دەبێت ئەگەر کوردستان نەبێتە دەوڵەتی سەربەخۆ. هەنووکەش مەسەلەی کەرکوک و ناوچەکانی تر هەر لەو چاوەوە سەیر دەکرێت کە سامانی نەوتی تێدایە. تورکیا کە ژێرخانی ئابووری هەردەم لە ژێرەیەوە دەیەویت بەو ئاوە بازرگانی بکات هەروەکو وڵاتانی خاوەن نەوت بازرگانی بە نەوت دەکەن. چەند بۆی دەچێتە سەر ئەوەش دەبێ لە رێگای ئەو وڵاتانە چارەسەر بکرێت کە پارێزگاری لە مافی مرۆڤ دەکات.

**سێیەم... تەها یاسین رەمەزان هەڵواسرا...**لێنەگەڕان تەها یاسین نەورۆزی ئەمساڵ ببینێ و لە 20 ئازار هەڵواسرا.وەکو دڵسۆزێکی سەدام حوسێن داوای کرد لە [حوجەی] بشارنەوە و هەتا لەمردنیشدا رقی خۆی بە خاکی کوردستان دەرکرد. ئەگەر حاجی قادری کۆیی لە ژیاندا بوایە رەنگە لە تەک شیعرەکەی ، کوردێک زمانی ...ئەوا ئەوەی خاکی خۆی خۆش نەوێت ...دایک و باوکی بابیزانێت ، دەنووسیەوە.تەها یاسین لەکاتی پاککردنەوەی حیزبی بەعس لە کادیرەکانی دا ببووە دادوەر و سەری خەڵکی دەپەڕاند. ئەو خەڵکەی بۆی هەڵدەپەڕین و شاییان دەکرد کاتێک دەچووە زیارەتیان ، بەدەنگیەوە نەهاتن و پارێزگارییان لێنەکرد. ئەو جەیشی شەعبیەی دروستی کرد بوو بە هانای نەهات و پاش دادگایی کردن ، بڕیاری تاوانباری بەسەردرا و لە بەرەبەیاندا هەڵواسرا. ئێستاکە کاتی ئەوە هاتووە دەستگای راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو فلیمە نیشان بدەن کە تەها یاسین رەمەزانیان دەستگیر کرد. ئەو فلیمە لە سلێمانی هەیە و خەڵکی هەندێک بینیویانە کە چۆن [مام تەها] ترسنۆکانە بەرەنگاری پێشمەرگەکان دەبێتەوە . دەسەڵاتدارانی رژێمی پێشوو وورده وورده مافی خۆیان وەردەگرن .

**چوارەم...مامجەلال هاتەوە...**مامجەلال گەڕاوە و خەڵکیان بە زۆریی و بە ئازادی هێنایە سەر شەقام و پێشوازیان لە مامجەلال کرد.لە هەولێر بۆیان نەچووە سەر هەموو ریزی بۆبگرن و بێنە سەر جادەی .دیارە لە سلێمانیش خەڵکی نەچوونە دەوام و هێنرانە سەرشەقام .هەندێکیش لە دڵەوە بۆ مامەهاتنە پێشوازی . رێزم هەیە بۆ ئەو خەڵکەی کە بەو شێوەیە خۆشەویستیان بۆ مامجەلال دەربڕی ، بەڵام هەر ئەوانەش بە لێشاو دەهاتنە سەرشەقام کاتێک دیکتاتۆر و فاشی سەدام حوسێن دەهاتە لایان . دەبێ ئەو جەماوەرەش هەمان جەماوەر نەبێت کاتێک مەسعود بارزانی چووە ناو شاری سلێمانی بە ئاڵای زەرد پێشوازیان لێکرد.خۆشەویستی مامجەلال دەبێت لە دڵەوە بێت نەک بە زۆر خەڵک هێنانە سەرشەقام و هەڵپەڕین. ئەو ڕەوشتەی بەعس دەبێت لەبیر خەڵکی کوردستان بسڕنەوە و خەڵکی بۆ کەس هەڵنەپەڕێنن .نیشاندانی ئەو مەراسیمانە هیچ قازانجی نابێت بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان .

**پێنجەم...وێنەی پێغەمبەری موسڵمانان...**رۆژی 21ی ئازار[مارت] رۆژنامەی [داگینس نیهیتەر] لە لاپەڕەی 4 دا ، وێنەی محەمەدی پێغەمبەری موسڵمانانی بڵاوکردۆتەوە.دەقی ووتارەکە باسی چی دەکات ئەوەندە بەلای منەوە گرنگ نی یە.گرنگی ئەو وێنانەی محمدی پەیامنێر لە شەقامەکانی تاران بە ئاشکرا دەفرۆشێن و خەڵکی وڵاتانی موسڵمان نقەیان بەرامبەر ئەو بێ ریزیەی و حەرامیەی چاپ کردن و بڵاوکردنەوە دەرناچێت .کەچی خەریک بوو دانیمارک بکەنە بنکەی دژی موسڵمانان هەر لەبەر بڵاوبوونەوەی وێنەکانی محەمەد.ئەو وێنانەی لە تاران بەناوی پێغەمبەر دەفرۆشێت گەلێک جوانە و رەنگداریشە ئەگەرچی دەزانین

بەر لە 1400ساڵ ڕەنگی وێنە ئاوا بەو شێوەیە نەبووە.ئەوەی سەیری ئەو وێنانە دەکات هەمان وێنە جوانەکانی عیسی پەیامنێری مەسیحییەکانی دێتەوە بەرچاو کە چەند جوان کێشراوە.لە ئەفریقا ڕەشە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست قژ ڕەش و ڕەنگ گەنمیی یە و لە ئەوروپاش قژ زەرد و چاوشینە.دەبێ کێ لێکۆڵینەوەی زانستی بکات و بۆی بکرێت ئەو وێنانەی محەمەد بە راست یان بە هەڵە لە قەڵەم بدات هەتا بۆمان ئاشکرابێت ئایا پێغەمبەر وێنەی هەبووە یان نا.وێنەی ئیمامی عەلی و ئیمامی حوسێن لەو ساڵانەی دوایی لە شارەکانی کەربەل او نەجەف بە ئاشکرا هەڵدەواسرێت و بەرز دەکرێتەوە. نازانم لای شیعەکان بۆ حەڵال کراوە ئەو وێنانە چاپ بکرێن و بڵاوبکرێنەوە کەچی لای سونەکانیش نابێ بڵاو بکرێتەوە.

شەشەم...هەڵەبجە...دەڵێن خەڵکی هەڵەبجە بە ئاشکرا دان بەو یارمەتیدانەی حکومەت دادەنێن کە پێشکەشی شارەکەیان کراوە ،بەڵام لەبەر کەمی ئەو یارمەتیانە شەرم دەکەن و باسی ناکەن و ناوی ناهێنن.ئەوا بۆ یادی تێپەڕبوونی 19ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە جەرگبڕە، لە سەرتاسەری عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دا رێز لە ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە گیرا و تێکڕای عێراقییەکان و کوردستانییەکان ساتێک بۆ بیرهێنانی ئەو ڕۆژە راوەستان ، کەچی لە هەڵەبجە کە شوێنی ڕووداوەکە بوو بەرپرسێکی سەرکردایەتی یەکێتی یا پارتی بەشدار نەبوون. ئەندامی پەرلەمان و وەزیری کابینەی حکومەتی هەرێم و وەزیرانی هەردوو ئیماراتی سلێمانی و هەولێر بەشدار نەبوون . ئەگەر ژنی بەرپرسی هەردوو زلحیزب منداڵی ببێ یەکسەر ڕەوانەی دەرەوەی دەکەن بۆ ئەوەی سەلامەت دەربچێ ،لە بەرامبەر ئەوەدا خەڵک لەم هەڵەبجەیە هێواش هێواش دەمرن و حکومەتیش هەر دەست پان دەکاتەوە بۆ هەڵەبجە و یارمەتی لە جیهان وەردەگرێت.ئەرێ یادکردنەوەی هەڵەبجە خوێ کردنە بەسەر برینەکانی خەڵکی هەڵەبجە یا سارێژکردنی خوێنە گەشەکانی هەڵەبجە یە. شەرمە 19ساڵە کارەساتی هەڵەبجە ڕویداوە و بەو شێوەیەش هەردوو حکومەتی هەولێر و سلێمانی یادی ئەو ڕۆژە ڕەشەی هەڵەبجە دەکەنەوە.خەڵکی هەڵەبجەی لێقەوماو بۆ خۆتان حیزبێک ، ڕێکخراوێک دروست بکەن و کاروباری شارەکەتان جێ بەجێ بکەن. ئیتر بەسە چاوەڕوانی بەڵێن و قسەی جوان مەبن .

حەفتەم...نەورۆز...بۆ کورد مانگی ئادار مانگی خۆشی و ناخۆش یە.مانگی کارەسات و سەرکەوتنە.دەڵێن سەلاحەدینی ئەیوبی لەو مانگە کۆچی کردووە.شای ئێران و سەدامی فاشی لەو مانگەدا ڕێککەوتن و ئاشبەتاڵیان بە شۆڕشی مەلامستەفا کرد.هەر لەو مانگەدا مەلامستەفای بارزانی لە ئەمریکا ماڵئاوایی کرد. لە گۆڕەپانی چوارچرا لە مەهابادی خوێناوی پێشەوا قازی و هاوڕێ یەکانی لە سێدارە دران و کۆماری کوردستان روخێنرا.هەر لەو مانگەدا ڕۆژی ژنانی جیهانە و ئافرەتانی کوردستانیش ئاهەنگ دەگێڕن.سەری ساڵی کوردی جەژنی نەورۆز لەگشت کوردێک پیرۆزبێت و لە کوردستانی ئێران و تورکیا و سوریا ساڵی تازە نەورۆزی ئەمساڵ ساڵی ڕزگاری و سەرکەوتن بێت .

فەهد گردەوانی 2007/3/21ستۆکهۆڵم